وەزارەتی پلاندانانی هەرێم : ئاگاداری راپۆرتی پلاندانانی عێراق لەبارەی هەژارییەوە نین

وەزارەتی پلاندانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەمڕۆ وەزارەتی پلاندانانی عێراق بڵاویکردووە لەبارەی هەژارییەوە نین، ئاماژەی بۆکرد "بەبێ ئاگاداریی هەرێم کراوە".

وەزارەتی پلاندانی هەرێم ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردووە، ئەم بڕیارە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵ کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە شاری بەغدا ئەنجامدا، تیایدا ڕاپۆرتی (هەژاری فرەلایەنەی MPI) ڕاگەیاند کە بەهاوکاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەرەپێدان (UNDP) ئامادەکرابو.

ئاماژەی بۆکرد، ئەم ڕاپۆرتە بە ئاگاداری وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و دەستەی ئاماری هەرێم، ڕێکخراوە کە دەبوایە لە سەرەتاوە بە هاوبەشی کار لەسەر ئەم ڕاپۆرتەو وردە کارییەکانی بکرایە تاکو ڕاو بۆچونی حکومەتی هەرێم تیایدا جێگیر بکرابا، هەروەها پێویست بو کە دوا ڕێشنوس بە دەستمان بگات تاکو پێش وەخت ئەنجامەکانی پەسەند بکەین و ئامادە بین لە ڕووەسمی ڕاگەیاندنی و دواتر سود لە ئەنجامەکانی وەر بگرین.

بەگوێرەی هاگیەندراوەکە، جێگەی ئاماژە پێکردنە ژمارەکانی ئاماژەپێکراو لە هاپێرتەکەدا پشتی بەستوە بە داتاکانی دوا هۆپەوی (ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان) (2023 - 2024) و لە (2025 بۆ 2026) ئەنجامەکانی هاگیەندرا و بە مەنهەجیەتی زانکۆی ئەکسفەردی بریتانی کاری لەسەر کراوە.

ئەوشیخستەو، ساڵانی پێشتر پێکەوە لەگەڵ دەستەی ئاماری عیراق هاهەنان کرابو بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی تاکو نەک تەنها هەژاری ماددی بنەمای پلان و ستراتیجەکان بێت (بە پێی ئەنجامەکانی هۆپەوی ئاماژە پێکراو لە عیراق 19.3% و لە هەرێم 8.6%) بەڵکو ئەبێری هەژاری فرە ئەهەند دروست بکرێ بە پێنجە دانان لەسەر جەرەکانی تری هەژاری لە کەمەگا.